ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# شەڕی ئازادکردنی موسڵ و ئەگەرە مەترسیدارەکانی پاش نەمانی داعش: چی بکرێ باشە؟


نوسینی: د.سەعید کاکەیی



ژوری توێژینەوەی سیاسی – گۆشەی ستراتیجی
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تشرینی یەکەمی 2016

# شەڕی ئازادکردنی موسڵو ئەگەرە مەترسیدارەکانی پاش نەمانی داعش: چی بکرێ باشە؟


**نوسینی: د.سەعید کاکەیی**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی – گۆشەی ستراتیجی**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**


**تشرینی یەکەمی 2016**

## پێڕست


**کاکڵەی بابەت.......... ٢**
**چۆنو بۆ شاری موسڵ کەوتە دەست داعش؟.......... ٣**
**شەڕی گرتنەوەی شاری موسڵ.......... ٥**
**هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراقو پرسی گرتنەوەی موسڵ.......... ٦**
**هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکەو هاوپەیمانان لەسەر حەشدی شەعبی.......... ٧**
**هەڵوێستی کورد لەسەر بەشداری پێکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕی موسڵ.......... ٩**
**کێشەی ئاوارە چاوەڕوانکراوەکانی شەڕی گرتنەوەی موسڵ.......... ١١**
**ئایندەی داعش پاش جەنگی موسڵ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.......... ١٢**
**ئەنجام.......... ١٥**

## کاکڵەی بابەت

لە سەرەتای پایزی پارساڵەوە کێرڤی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقو شام (داعش) لە ترۆپکەوە بەرەو هەڵدێر گلۆربووەوە، بە شێوەیەك کە چیتر توانای داگیرکردنو کونترۆڵکردنی خاکی نوێی عێراقو سوریای پێ نەما، نەخاسمە دوای تێکشکانی هێزەکانی لە شاری کۆبانێ بە دەستی یەپەگەو یەپەژەوە بە یارمەتی هێزی ئاسمانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. وەدەرنانی داعش لە کۆبانی، ئەڵبەت بە پاڵپشتی پێشمەرگەی کوردستانو هێزی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کازیوەی سەرکەوتنی کورد بوو بەسەر داعش لەلایەك، دەستپێکی داڕمانی وورەی داعش بوو لەلایەکی دیکەوە. ئەم دو فاکتەرە هەرە گرنگە بونە هۆکاری سەرەکی بۆ نەك تەنها لەدەستدانو پاشەکشێی داعش لە چەندین شارو شارۆچکەی هەردو وڵاتانی عێراقو سوریا، بەڵکو بونە هاندەری بنەڕەتی بۆ بەرزبونەوەی وورەی داڕماوی سوپاو هێزە چەکدارەکانی عێراقو سوریا. بۆ نمونە، لە کاتێکدا کە ساڵی ٢٠١٤و هەتا نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥، داعش توانی نزیکەی یەك لەسەر سێ (٣/١)ی خاکی عێراق داگیر بکات، ئێستاو پاش ئازادکردنی هەردو شارۆچکەو شاری گەیارەو شرگات لە دو مانگی ڕابردودا، داعش تەنها یەك لەسەر دە (١٠/١)ی خاکی عێراقی بەدەستەوە ماوەتەوە کە بریتییە لە شاری موسڵو شارو شارۆچکەکانی بەشی باشورو ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەواو چەند شارو شارۆچکەیەکی پارێزگای کەرکوك وەك قەزای حەویجەو ناحیەکانی ڕیازو عەباسیو باشوری داقوقو شارو شارۆچکەکانی باکورو ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبارو چەند شارەدێیەك لە پارێزگای سەلاحەدین.

وەك چاوەڕوانکراوە، لە چەند ڕۆژی داهاتودا، قەزای حەویجەو تێکڕای ناوچەکانی پارێزگای کەرکوك و شارەدێکانی پارێزگای سەلاحەدینیش لە داعش پاك دەکرێنەوە. بەوەش زەمینە بە تەواوی خۆشە دەبێت بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراقو هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئێستای سەر شاری موسڵو شارۆچکەکانی دەوروبەری بە مەبەستی پاککردنەوەیان لە داعش. بەڵام، لەگەڵ ئەم پێشبینیانەدا، چەندین ئەگەری مەترسیداریش هەن کە دەشێ پاش ئازادکردنی شاری موسڵو لەناوبردنی داعش لە عێراقدا بێنە پێشەوە. لەوانەش، ئەگەری بەشداریکردنی میلیشیاکانی

حەشدی شەعبیو لە شەڕی گرتنەوەی موسڵو مانەوەیان لە ناو شارەکەدا کە پێشترو بەتایبەت لە شارەکانی تکریتو بێجیو رومادیو فەلوجەدا لە تاوانەکانی شەڕ تێوەگلاونو هەناسەیەکی قورسی تایفەگەرییان دژ بە پێکهاتەی سوننەی عەرەب دەربڕیوەو تا ڕادەیەکیش دیدێکی ناحەزیان لە بارەی کوردەوە لەلا پەیدا بوە. ئەگەری دوەم ئەوەیە کە سوننەی عەرەبە شۆڤینیەکان بە پاڵپشتی چەند لایەنێکی نەتەوەگەری شیعەی عەرەب دژی خواستو پێداویستەکانی کورد بوەستنەوەو حکومەتی فیدراڵی عێراق ناچار بکەن بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداد. ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە تورکیا بەبیانوی پشتگیریکردنی بەشێکی گرنگی پێکهاتەی سوننەی عەرەبو هاوکاریکردنی تورکمانەکانی پارێزگای نەینەوا سوپای خۆی بەرێتە ناو شاری موسڵو لەوێشەوە بەرەو شارەکانی تەلەعفەر و زوممارو شنگال پێشڕەوی بکات بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکەو دەرپەڕاندنی شەرڤانانی یەپەکەو یەپەژە لە دەڤەری شنگال. ئەگەرێکی دیکەی مەترسیدار ئەوەیە کە پارێزگای نەینەوا بەسەر چەند پارێزگایەکی نوێدا دابەش بکرێتو بەوەش سەرئێشەو مەترسییەکی گەورە بخاتە پێش جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری هەمیشەیی عێراق.لە کۆتاییدا، ئەم خوێندنەوە سیاسیو سەربازییە هەوڵی شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی ئەو ئەگەرە مەترسیدارانە دەدات کە لە سەرەوەدا باسکراون. لەوێشەوە چەند پێشنیارێك دەخاتەڕوو بۆ ڕێگریکردن لە لێدانی بەرژەوەندییە نیشتیمانیو نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان.

### چۆنو بۆ شاری موسڵ کەوتە دەست داعش؟

پەرتەوازیە نەتەوەییو تایفەییو کەمە ئایینیەکان گڕی ئاگری ناسەقەمگیری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق خۆشە دەکەنو بونەتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ ئەمنو ئاسایشی جیهان بە گشتیو وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی. هەر ئەمەشە کە وڵاتانی دراوسێی عێراقو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر یەکەو لە پێگەی بەرژەوەندی نیشتیمانیو نەتەوەیی خۆیەوە لە ئاستی جۆراوجۆردا دەستوەردەنە ناو کاروباری عێراقەوە.

لەوەتەی وڵاتی عێراق لەلایەن کۆلۆنیالیستە ئەوروپاییەکانەوە لە چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوداو دوای لە گۆڕنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بە دێوەزمە نەخۆشەکەی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوین ناوبانگی دەرکردبو، ئینگلیزەکانی بریتانیاکاریان لەسەر خۆشەکردنی جیاوازیە نەتەوەییو ئیتنیو ئاینییەکانی خەڵکانی ناوچەکە کردن. سەرەتا، بۆ دورخستنەوەی هەژمونو تەماحی شاهنشای ئێرانی شیعە مەزهەب لە ناوچەکە، هەستان بە دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بە گرێدانەوەی دوو ولایەتی لێك جیاوازی عوسمانی بە ناوی دەوڵەتی عێراق: ویلایەتی بەسرە کە زۆرینەی دانیشتیوانەکەی عەرەبی شیعە بونو ویلایەتی بەغداد کە زۆرینەی دانیشتیوانەکەی عەرەبی سوننە بون. پاش چەند ساڵێك، هاتنو لە ڕێگای کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، ویلایەتی موسڵیش کە زۆرینەی دانیشتیوانەکەی کورد بون خستەوە سەر دەوڵەتی عێراق. بەوەش نەك تەنها هاوسەرگەرییەکی ناجوریان لەنێوان عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەدا دروستکرد کە ڕکێفی دەسەڵاتیان دایە دەست عەرەبی سوننە، بەڵکو بۆ جەختکردنی سیاسەتی "جیاکاری بکە سەردەکەویت" هاتن خاكو نیشتیمانە دوبەشەکەی کوردستانی پاش شەڕی چەلدیرانی ساڵی ١٥١٤یان دابەشکردە سەر چوار وڵاتی-نەتەوەی تازەوە: ئێرانو تورکیاو عێراقو سوریا.

ڕقو کینەی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە هێندە قوڵو لە مێژینەیە کە لێرەدا بە چەند دێڕێك هەرگیز ناکرێ وێنایان بکرێت، تەنها ئەوە نەبێ کە بەهۆی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣داعەرەبی شیعە توانی باڵادەستی خۆی بەسەر عەرەبی سوننەدا بسەپێنێتو ئەمەی دواییش عێراق بکەنە تاقیگەیەك بۆ هەمو جۆرەکانی ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنو بڕینو وێرانکاری. لەوەشدا، عەرەبی سوننەی ناوچەکانی موسڵو فەلوجەو حەویجە پشکی شێریان بەرکەوت لە وێرانکردنی عێراق چونکە زۆرینەیان پێش پرۆسەی ئازادی عێراق پشکی شێریان بەلاوە بوو لە ئیدارەدانی زوڵمو ستەمی دیکتاتۆریەتەکانی حوکمڕانی عێراق. هەر ئەم ڕقو کینەیەشە کە بوە هۆی دروستبونی داعش کە توانی لە ساڵی ٢٠١٤دا شارەکانی فەلوجەو حەویجەو موسڵو زۆربەی ناوچە سوننە نشینەکانی عێراق داگیر بکاتو لە موسڵەوە بەرپرسی یەکەمی داعش، ئەبو بەکر ئەلبەغدادی، جاڕی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی خۆی ڕابگەیەنێت.

هەرچی کوردە، ئەوا بەجیا لەوەی کە گیرۆدەی کێشەکانی سیاسیو ئابوریو هەژمونی دەسەڵاتدرێتی ناوخۆ بوەو هەیە، لە هەمان کاتیشدا لایەنێکی سەرەکی بوەو هەیە لە کێشەکانی خاوەنداریێتی خاكو ئابوریو سیاسەتو دەسەڵات لەگەل ئەو پێکهاتە عەرەبەی کە لە بەغدادەوە حوکمڕانی عێراقی کردوە. هەروەها، وەك سوندمەندێکی سەرەکی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە نەبێتە لایەنێك لە کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننەو شیعە. بەڵام، بەهۆی ململانێی پێکهاتەی شیعەو سوننە، کورد بێبەش نەبوە لەوەی کە ببێتە ئامانجی ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنو بڕینو وێرانکاری، بەتایبەت لەلایەن توندڕەوەکانی پێکهاتەی عەرەبی سوننەوە.

### شەڕی گرتنەوەی شاری موسڵ

گرتنەوەی شاری موسڵو دەوروبەریو دەرپەڕاندنی داعش لەو پارێزگایە کارێکی ئاسن نیە. شاری موسڵ بە دوەمین شاری گەورەی عێراق لە ڕوانگەی دانیشتوانەوە هەژمار دەکرێت. هەروەها، موسڵ بە چەقی نەتەوەگەری عەرەبی شۆفینی ناسراوە. هەر بۆیە، بە درێژایی سەدەی بیستەم بوەتە ناوەندی دامەزراوە سەربازیەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی پێش پرۆسەی ئازادی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسو زۆربەی فەرماندە سەربازیەکانی سوپای عێراق خەڵکی ئەم شارە بونە. ئێستاش زۆربەی فەرماندە مەیدانیەکانی داعش لە عێراقدا کە بە ڕێژەی لە (٧٥٪) خەملێندراون، خەڵکی موسڵو دەوروبەری ئەم شارەن. هەروەها، ئەو پێنج هەزار (٥٠٠٠) چەکدارەی داعش لە ناو موسڵ هەن کە لە سەرچاوەی کراوەو میدیاکانەوە باسیان لێوە دەکرێن، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی خودی شاری موسڵن.

بە جیا لە عەرەبی سوننە کە زۆرینەی شارەکە پێکدەهێنن، کوردو تورکمانو کلدۆئاشورو سریانیشی تێدا هەیە. لە ناو ئەم پێکهاتە نەتەوەییو ئیتنیانەدا، پێکهاتەی جیاوازی ئایینیو تایفەگەریش هەن کە بریتین لە سوننەی عەرەبو شیعەی تورکمانو ئێزدیو شەبەكو کاکەییو سارلیو کاتۆلیکی موحافیزەکارو پرۆتیستانتو هتد... لەنێو ئەم پێکهاتە هەمە جۆرانەدا، عەرەبو کوردو تا ڕادەیەك کلدۆئاشوریو

تورکمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە وێناکردنی چارەنوسی موسڵ پاش نەمانی داعش، بێگومان هاوکات لەگەل شیعەی عەرەبی دەرەوەی ناوچەکە کە حوکمڕانی حکومەتی فیدراڵی عێراق دەکەن.

## هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق‌و پرسی گرتنەوەی موسڵ

پاش پەیدابونی داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤و کەوتنی موسل بەدەستی ئەم ڕێکخراوە لە پایزی ساڵی ٢٠١٤دا، هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٥ەوەو بە ئاستی جیاواز توانیویانە جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنن کە تیایدا چەندین شارو شارۆچکەی عێراق لە دەستی داعش ڕزگار بکەن. ئەم هێزانەی حکومەتی عێراق بەوە ناسراون کە ڕەنگ‌و ڕواڵەتی تایفەگەریی شیعەیان زۆر پێوە دیارن، نەخاسمە ئەو میلیشیا تایفەگەریانەی کە بە فەتوای ئایەتوللا عەلی سیستانی‌و بە ناوی حەشدی شەعبی دروست کران‌و بە کۆمەك‌و پاڵپشتی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی ئێران پڕ چەك کران‌و بە سەرپەرشتی فەیلەقی قودسی ئێرانی مەشق‌و ڕاهێنانی جەنگیان پێکراوە بۆ جێبەجێکردنی زۆرێك لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی وەك گرتنەوەی ناحیەکانی گوڵاڵەو قەرەتەپە لە پارێزگای دیالەو ناحیەی ئامەرلی‌و پاشان قەزاو ناحیەکانی دیکەی پارێزگای سەلاحەدین‌و چەند قەزاو ناحیەو شارەدێیەکی پارێزگای ئەلئەنبارو بەم دواییانەش چەند ناحیەو شارەدێیەك لە هەردو پارێزگای کەرکوك‌و نەینەوا. سەرباری ئەو سەرکەوتنانەی حەشدی شەعبیبەسەر داعشدا، بەڵام ناکرێ چاوپۆشی لە توندڕەوی هەناسەی قورسی تایفەگەریێتی حەشدی شەعبی بکەین کە ئاسەوارەکانی بریتین لە تاوانی جەنگ دژ بە دانیشتوانی کوردو عەرەبی سوننە لە قەزای دوزو دانیشتوانی عەرەبی سوننەی قەزاکانی فەلوجەو ناوەندی تکریت‌و بێجی‌و ناوەندی رومادی‌و بەلەدو گەرمەو و شوێنەکانی دیکەی سوننە نشین‌و کورد نشین. تاوانەکانی شەڕی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هێندە قورس‌و ترسناکن کە بونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ دڵەڕاوکێ‌و ئاریشەو ئالۆزی نێوان پێکهاتەی کوردو شیعە لەلایەك، سوننەی عەرەب‌و شیعەی عەرەب لەلاکەی ترەوە.

ئەم مۆرکە ترسناکەی حەشدی شەعبی بوەتە هۆکارێکی بنەڕەتی بەدەست سوننەی عەرەبی موسڵو پێکهاتەی کورد بۆ بەشداری پێنەکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ. هەرچی زۆربەی بەرپرسانی حکومەتی عێراقە، ئەوا داکۆکی لە بەشداری پێکردنی ئەم هیزە دەکەن وەك بەشێك لە دامەزراوە بەرگریەکانی عێراق کە بە فەرمی دروست کراونو وەك هاولاتیانی چەکداری عێراق مافی دەستوری خۆیانە بەشداری هەر شەڕێك بکەن کە لە ناو چوارچێوەی سنوری عێراقدا ڕوو دەدات. بەلام لە ئەگەری بەشداری پێکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕی موسڵ کە زۆربەی هەرە زۆریان لە دانیشتوانی شاری موسڵ و پارێزگای نەینەوا نین، هیچ میکانیزمێک لە ئارادا نیە بۆ ڕێگریکردن لە ڕونەدانی تاوانی شەڕ دژ بە دانیشتیوانی شاری موسڵ کە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کردوە شارێکی فرە نەتەوەییو ئایینیو تایفەگەری جۆراوجۆرە.

### هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکەو هاوپەیمانان لەسەر حەشدی شەعبی

جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانو ڕێکخراوە ماهوارەکانی لە ناوچەکەدا، تورکیاو تێکرای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو کەنەدا لەگەڵ ئەوەدا نین کە بە هیچ شێوەیەك حەشدی شەعبی بەشداری بکات لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ. ئەم باوەڕەشیان لەسەر ئەوە بونیات نراوە کە حەشدی شەعبی ئامرازێکی کاریگەرە نەك تەنها بۆ پاکتاوکردنی سوننەی عێراق، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەشەپێدانی هەژمونی ئێران بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەك، لەلاکەی تریشەوە بۆ بەستنەوەی جیۆپۆلەتیکی ئێران بە سوریاو لوبنانەوە. ئەمەی دواییش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر پێکهاتەی کورد لە عێراقو سوریاو ئاسایشی نیشتیمانی دەوڵەتی ئیسرائیل کە بە پارێزەری ڕاستەقینەی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا هەژمار دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

هاوکات پێویستە مەترسیە مێژینەکانی تورکیاش فەرامۆش نەکەین لەم گەمە ئاڵۆزەی کە بەرپرسانی ئێران شیلگیرانە توانیویانە دەوڵەتی عێراقی تێوە بگلێنن. ڕاستە تورکیا دژی بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکانی کورد کار دەکاتو نەیارێکی سەرسەختی

داخوازیە ڕەواکانی خەڵکانی کوردستانە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. بەڵام، هەرچۆن پرۆسەی بە شیعەکردنی تەواوی عێراق مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر داهاتوی کوردستان، بە هەمان شێوەش ئەو پرۆسەیە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر خودی تورکیا. بۆیە، هەرچەندە لە ژێر چەتری "شەڕی دژە تێرۆر" لە هەمبەر گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان تورکیا بۆ چەندین ساڵە توانیویەتیو ڕێگای پێدراوە چەند شوێنێکی هەرێمی کوردستان داگیر بکاتو لەوێشەوەو بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی کۆماندۆی خۆی لە کەمپی سەربازی باشیکی نزیك شاری موسڵ جێگیربکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی نەکردبایە، ئەوا دەستو هەژمونی ئێران بە ئاسانی دەگەیشتە ئەو هێزە چەکدارانەی کە بە ناوی حەشدی وەتەنییەوە لە پێکهاتەکانی کوردو عەرەبی سوننەو تورکمانی شیعەی تەلەعفەر دروست کراون بۆ بەشداری پێکردنیان لە شەڕی گرتنەوەی شاری موسڵ. لێرەدا، هەر چەندە ئەمە پاساو نیە بۆ داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە وڵاتی عێراق، بەڵام ناکرێ مەترسیەکانی حەشدی شەعبی بۆ کوردو وڵاتانی ناوچەکە بە بەهەند وەرنەگرین. کەواتا، ئەگەر حەشدی شەعبی بەشدار بێت لە شەڕی گرتنەوەی موسڵ، ئەوا دور نیە بە بیانوی بەرگریکردن لە "برا کوردەکان" و "برایانی عەرەبی سوننە" ئەو هێزە کۆماندۆیەی تورکیا نەنێردرێتە ناو شاری موسڵو لەوێشەوە ڕەوانەی تەلەعفەر نەکرێ بۆ ڕێگریکردنو دابڕینی گەریلاکانی پەکەکەو شەرڤانانی یەپەکە/یەپەژە لەو شەڕە چاوەڕوانکراوەی ناو شاری موسڵ.

هەرچی پەیوەست بێت بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئەوا شاراوە نیە کە پێشترو بە ئێستاشەوە لە هەر شەڕێکدا حەشدی شەعبی ڕاستەوخۆ بەشداری کردبێت، هێزە ئاسمانیەکانی وڵاتانی هاوپەیمانو بەتایبەت ئەمریکا ڕوماڵی ئاسمانی بۆ ئەو جۆرە شەڕانە دابین نەکردوە. بەپێی لێدوانی چەند بارەی بەرپرسانی ئەمریکایی، ئەو راستییە ساغکراوەتەوە کە ئەمریکیەکان ئامادە نین لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی چالاکی سەربازی ئەنجام بدەن. پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەمریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی ڕوماڵی ئاسمانی بۆ هێزەکانی سوپای عێراقی تێکەڵکراو بە ملیشیاکانی حەشدی شەعبی دابین دەکەن کە ئامادەکراون بۆ هێرش بردنە سەر داعش لەناو شاری موسڵدا؟ وڵامی ئەم پرسیارەش

دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی تاکتیكو ستراتیجیەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە پێشوەخت وێناکراون بۆ گرتنەوەی شاری موسڵو وەدەرنانی داعش لە عێراق.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لێرەدا شایانی ئاماژە پێکردنەوە، ژمارەو قەوارەی ئەو هێزە عێراقیانەیە کە بەشداری لە شەڕی گرتنەوەی شاری موسڵ دەکەن. بەپێی چەند سەرچاوەیەکی سەربازی لە ناو وەزارەتی بەرگری عێراقەوە، بڕیار دراوە کە شانزە (١٦) لیوای پیادەو چوار کەتیبەی تانكو چوار کەتیبەی تۆپهاوێژو چوار کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانیو فرۆکەکانی سوپای عێراق لە میحوەرەکانی خازەرو گەیارەو شرگاتو حەمام عەلیلەوە هێرش بەرنە سەر هێزی تیرۆرستی داعشی لە ناو موسڵ. هەرچی هێزەکانی پێشمەرگەیە، ئەوا بڕیار وایە بە هەشت لیوای پیادەو دوو کەتیبەی تانكو دوو کەتیبەی تۆپهاوێژو دوو کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی لە میحوەرەکانی باکورو ڕۆژهەلاتی شاری موسلەوە بەرەو ناو شاری موسڵ پێشڕەوی بکەن. مایەوە بڵێین کە ئەو (١٥،٠٠٠) چەکدارانەی حەشدی وەتەنی دانیشتوی پارێزگای نەینەوا لە میحوەرەکانی ڕۆژئاوای موسڵەوە بەرەو قەزای تەلەعفەرو پاشان لەوێوە بۆ ناو شاری موسڵ جولەیان پێدەکرێت. بەوەش لە سێلاوە هێرش دەبرێتە سەر شاری موسڵو تەنها دەروازەیەکی تەسك لە باشوری موسڵ دەمێنێتەوە وەك دەرچەیەك بۆ دەرپەڕاندنو پاشان لەناو بردنی داعش لە دەشتاییەکانی قەزای حەزەرو ناحیەی نمروددا. بەوەش کۆی گشتی هێزی هێرشبەری عێراقو پێشمەرگە بۆ سەر شاری موسڵ نزیکەی سەت هەزار (١٠٠،٠٠٠) چەکدار دەبێت کە بەپێی پلاندانەرانی سەربازی هەر پانزە چەکداری پیادەی عێراقی ڕوبەڕوی یەك چکدارای داعش دەبنەوە. ئەم ژمارەیەش زۆر لەوە زیاترە کە پێویست بێت بۆ کوشتنی چەکدارێکی داعش.

### هەڵوێستی کورد لەسەر بەشداری پێکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕی موسڵ

گەرچی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بووەتە ئەمری واقع بەلام هەڵوێستی کۆدەنگی کورد لە بەرامبەر بەشداری پێکردنی ئەم گروپە ڕوون نیە. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لایەنی کوردی لەسەر چۆنیەتی حکومڕانی لە

کوردستان و بڕیاردان لە بابەت هەستیارەکان کە تایبەت بێت بە سیاسەتی دەرەوەی هەرێم چ لە ڕووی سەربازی و سیاسی بۆچونی جیاوازیان هەیە، لەلایەکی تر بەهۆی پەك خستی پەرلەمان و وەزارەتەکان لە لایەن لایەنی باڵادەست لەم هەرێمە، وای کردوە هەنگاوەکانی پرۆسەی دیموکراسی بەرەودواوە بڕۆن و لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر کۆکبونی ڕای یەکگرتوی لەمەڕ ئەم بابەتە هەستیارانەدا بێتە پێش.

دروست بونی حەشدی شەعبی  پاش داگیرکردنی شاری موسڵ تەواو ئامانجێکی سیاسی هەبوو، چونکە لەدایك بونی ئەم گروپە لەژێر فەرمانی گەورە مەرجەعی شیعە (علی سیستانی) لەلایەك بۆ پڕکردنەوەی ئەو لاوازییەی کە لەسوپای عێراق پاش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش هاتبویە پێش، لەلایەکی تر بۆ بەهێزکردنی پێگەی شیعە پاشان بەکارهێنانیان وەك باڵانسی هێز لە بڕیارە سیاسیە چارەنوس سازەکان کە تایبەت بێت بە عێراق و پێگەی شیعە لە عێراقدا، کە ئەمەش هەمان دیدە کە ڕیالسەتەکان ڕێگە چارەی خۆبەهێزکردن و مانەوە، بە پێگەیەکی سەرەکی ئاسایشی هەر گروپ و کۆمەڵگایەك لە دنیایەکی پڕ هەرج و مەرج پێشنیار دەکەن.

هەروەك ئاماژەی بۆ کرا کە لایەنی کورد بە هۆی پەك خستی پەرلەمان و زاڵ بونی دەسەڵاتی حزبی بەسەر وەزارەتی پێشمەرگە نەتوانراوە ئامانج ستراتیژێکی ڕوون لەبەرامبەر ئەم بابەتە بخرێتەڕوو، هێز پێشمەرگەی کوردستان بەو توانا مادی و جەنگاوەریە نەتوانراوە وەك پێویست لە پێناو ئامانجە نیشتمانیەکاندا ئاڕاستە بکرێت. گەرچی لە سەرەتای دروست بونی کابینەی نوێدا هەنگاو گەلێك بۆ چارەسەر و دورخستەوەی دەسەڵاتی حیزب لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان درا بەڵام بەهۆی دورخستەوەی وەزیری پێشمەرگە ڕێگری لێ کردنی نەتوانرا هەنگاوەکانی چاکسازی لەم بابەتە هەڵبگیرێت.

گومان لەوەدا نیە کە ئازاد کردنی موسڵ و نەمانی داعش لە عێراقدا تەواوی گرفتەکانی لایەنەکانی عێراق چارەسەر ناکان، عێراقی دوای داعش ناکرێت وەك عێراقی پێش داعش سەیر بکرێت، ئەویش لەبەر پەرتەوازەی سیاسی و سەربازی لە عێراقدا وە بونی هێزی ناڕێکخراو و دور لە چاودێری حکومەت و وەزارەتی بەرگری لە وانەش حەشدی شەعبی دەکرێت بێتە سەرچاوەی نائەمنی لەو ناوچانەی کە

کوردستانین و لەژێر دەسەڵاتی ئێستای پێشمەرگەدان. چونکە ئەو ناوچانە هێشتا بەپێی دەستور یەکلای نەکراونەتەوە گەر بێت و لایەنی حکومەتی عێراقی وەك پێشو خەمسارد بێت بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسی و بڕیاردان لە چارەنوسی ئەو ناوچانە بە پێی مادەی ١٤٠ دەستوری عێراق، دەکرێت بونی حەشدی شەعبی وەك سەرچاوەی نائاسایشی تەماشا بکرێت بۆ ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە کەمینە قەومیەتی جیاواز تێدا دەژین و لە ڕوی مەزهەبیەوە لە شیعە نزیکن. بۆیە کورد لەم ناوچانە پێویستی بەهێزکی منسجیم و فەرمان وەرگر لە یەك مەرجەعی دەسەڵاتە ئەویش حکومەتێکی مەشروع کە جێی باوەڕی تەواوی سەرجەم هاوڵاتیان و لایەنە کوردستانیەکان بێت. بوونی ئەم هێزەش بۆ حاڵەتی بەرگری و پاراستنی ئەو ناوچانە دەکرێت تەماشە بکرێت، نەك بۆ حاڵەتی هێرش بردن تەماشا بکرێن و بەکار بهێنرێن. ئەم بابەتەش بەوجۆرە بمێنێتەوە تا یەکلا کردنەوەی ئەوناوچانە بە پێی دەستوری عێراقی.

### کێشەی ئاوارە چاوەڕوانکراوەکانی شەڕی گرتنەوەی موسڵ

وەك لە سەرچاوە جیاوازەکانی میدیاوە باسی لێوە دەکرێت، کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان پێشبینی ئەوە دەکات کە نزیکەی یەك ملیۆن ئاوارە لە شاری موسڵو شارۆچکەو شارەدێکانی دەوروبەریەوە ئاوارەی ناو هەرێمی کوردستان بن. بەپێی لێدوانەکانی بەرپرسانی وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانی عێراق، سێ کەمپی گەورە بۆ لە خۆ گرتنی ئاوارەکانی موسڵ ئامادە کراون کە دوانیان لە سنوری پارێزگای دهۆك بونیان هەیە و دەکرێ پتر لە (٦٠٠،٠٠٠) ئاوارە لە خۆ بگرنو کەمپی سێیەمیش لە سنوری ئیدارەی گەرمیانەو توانای لە خۆ گرتنی پتر (٣٠٠،٠٠٠) ئاوارەی هەیە. هەر چەندە ئێستا هەرێمی کوردستان بە دەست کێشەی پتر لە ملیۆنو نیوێك ئاوارەوە دەناڵێتو بارگرانییەکی زۆریان لەسەر شانی هاوڵاتیانی هەرێم داناوە، ئەوا بە پشوازی لێکردنی ملیۆنێکی دیکەی ئاوارەی موسڵ، کێشە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانی ئەم شەپۆلە نوێیەی ئاوارەکان بارودۆخی ئابوری کوردستان قورسترو ئاڵۆزتر دەکاتەوە.

## ئایندەی داعش پاش جەنگی موسڵ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان

ئایندەی داعش شتێکی وا ئاسان نیە کە بتوانرێت بەشێوەیەکی دروست پێشگۆی لەبارەوە بکرێت. بەڵام ئەوەی ڕونە ئەم گروپە چانسێکی سیاسیان نیە چ لەڕوی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەهۆی ئەو تاوان و داگیرکاریەیی کە لەماوەی دروست بونیانەوە تا ئێستا تێوە گلاون کە هیچ دەوڵەت و لایەنێك ئاشکارا ناتوانێت پشگیری لە وا گروپێك بکات. لەلایەکی تر خودی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هیچ ئامانجێکی ڕونی نیە و بەشێوەیەکی دروست وەك ڕێکخراوێکی ئازادی بەخش دانەمەزراوە کە ئامانج و خەونی کیانێك یان نەتەوەیەك بباتە پێش وەك لە ماوەی ڕابردودا لە وولاتێکی وەك فەلەستین دروست بوو، ( ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین). هەرچی ئەوەی پەیوەندی بە دروست بونی داعشەوەیە لەلایەك پەیوەندی بەو بۆشاییە ئەمنیەی کە لە ماوەی ڕابردودا لە عێراق و سوریا دروست بوو کە ئەو گروپە تیرۆرستیانەی کە پاش ڕوخانی ڕژێمی صدام دروست بوو بون توانیان ئەو هەلە بقۆزنەوە لەژێر ئالای داعش کۆببنەوە. لەلایەکی تر لە پاش جەنگی سارد جەنگی چ لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوی لە کەمی کردووە بەرەو جەنگی نوێنەرایەتی هەنگاوی ناوە، ئەمەش بەو مانایە نیە کە دەوڵەتان کێشەکانیان خستووەتە ئەولا وە تێکرا بە یەکدەنگ بۆ جیهانێك پڕ ئاسایش تێدەکۆشن، بەڵکو بەو مانایەی لە ئێستادا ئەو جەنگ و نا ئەمنیەیی کە لەم ناوچانەدا بەتایبەتی خۆرهەلاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن سەرچاوە دەگرێت لە ناکۆکی و بۆچونی سیاسی جیاوازی دەوڵەتان لەمەڕ بابەتە سیاسیەکانی ئەم ناوچەیە. سەرئەنجام دروست بون و پشگیر کردنی جۆرەها گروپ، هاوکاری کردنیان بۆ جەنگ، بەناوی جەنگی نوێنەرایەتی (Proxy War)، زۆرجار دەبێتە هۆی لەدەست دانی جڵەوی ئەم گروپانە لە ژێر دەستی وڵاتانی سەرچاوەی هاوکاری، سەرئەنجام کاریگەریان لە ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت. دەتوانرێت بزوتنەوەی تاڵیبان و داعش وەك نمونە بۆ ئەم مەبەستە ئامازەی بۆ بکرێت.

ئایندەی داعش بەستراوە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی سوریا لە ڕوی ئەمنی و چۆنیەتی بەڕێوەی بردن لەو وڵاتە. لەلایەکی تر چارەسەرکردنی کیشە سیاسی و دەستوریەکانی

لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق و بەهێزکردنی سیستمی فیدڕاڵی و ئاوڕدانەوە لەو ناوچانەی کە لە ڕووی ئەمنی و ئابوری و سیاسی پەراوێزخراون. گەرچی پێش بینی ئەوە دەکرێت بەچارەسەرکردنی کیشەی سوریا، گروپی داعش لە ژێر ناوی داعش ڕوو لە پەرتەوازەی و نەمان بکەن. ئەمەش بەو واتایە نیە کە گروپی تیرۆرستی و توندڕەوی نەمێنن، بەڵکو گروپە توندڕەوە تیرۆرستیەکان بەکاری تیۆرۆرستی و نا ئەمنی کردن بەردەوام دەبن، لەئەنجامی ئەوەی کە سیستمی حکومڕانی لەم دوو وڵاتەدا تا ئاینەدەیەکی دور سەقامیگری بەخۆوە ناگرێت بەهۆی بونی سیاسەت و مەبەستی جیاوازی پێکهاتەکانی ئەم دوو وڵاتە کە وادەکات هەلێکی گرنگ لەبەردەم ئەم گروپانە دروست دەبێت کە بیقۆزنەوە بۆ نا ئەمنی کردنی ئەم وڵاتانە و کاریگەری لە سەر ئاسایشی ناوچەکەو خستنە دڵەڕاوکێی ئاسایشی دانشتوانەکەی.

هەرێمی کوردستان و نەمانی داعش دەکرێت وەك خاڵیکی وەرچەرخان لە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئاسایشی ئەم هەرێمە سەیربکرێت. نەمانی داعش و تێوەگلانی ئەو شەڕەنەخوازراوە کە لەماوەی ڕابردودا کوردستان و هێز ی پێشمەرگەی تێ کەوتبوو، بارێکی گرانبوو بەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای کوردی و تاکی کوردی لەوانەش پێشمەرگە کە لەماوەی ڕابردودا پۆلێك لە پێشمەرگە بەهۆی ئەو شەڕەوە بریندار و شەهید بون. دەکرێت بوترێت نەمانی داعش تاڕادەیەکی باش کاریگەری لەسەر ئەو بارودۆخە دەبێت کە پێشمەرگەو کوردستان تێی کەوتبوو. بەڵام کاریگەری گروپی توندڕەو بەردەوام دەبێت لەسەر ناسەقامگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لەڕێگەی ئەو کۆچ و ئاوارانەی کە ڕوو لەم هەرێمە دەکەن. دەکرێت گروپی تیرۆرستی ئەم هەلە بقۆزنەوە لەو ڕێگەوە داخڵی هەرێمی کوردستان ببن بەشێوە شانەی نوستوو لەکاتی گونجاو کەبۆیان دێتەپێش ببنە سەرچاوەی نا ئەمنی کردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی تەقینەوەی خۆکوژی و بۆمبی چێنراو، کە لەماوەی ڕابردوودا بونی هەبوە لە شارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگە سنورەکانی خۆی بەهێزبکا، لە ناوخۆشدا هێزی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ هۆشیارتر و دەزگای هەواڵگیر بەهێزتر بکات. وە چاودێریەکی باش و پشتوێنی ئەمنی لەو ناوچانە دروست بکان کە

شوێنی گشتین و خەڵك ڕویان تێ دەكات و لە ئەگەری هێرش كردنە سەریان لەلایەن گروپە تیرۆرستیەكان دەكرێن، لە وانەش، ( فرۆكەخانەكان، وەزارەتەكان، دادگاكان، دامو دەزگا گشتیەكان، پارك و شوێنە قەرەباڵغەكان و سەنتەرە بازرگانیەكان)، تا لە گورزی تیرۆرستی بپارێزرێن.

## ئەنجام

ئەم خوێندنەوە سیاسیو سەربازییە جەخت لە زەقکردنەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

- ڕەتکردنەوەی بەشداری پێکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵ لە داعش.
- داکۆکیکردن لە وەدەرنانی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستانو پرۆتەستۆکردنی هەر جۆرە بەشدارییەکی سوپای تورکیا لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ.
- جەختکردن لەسەر پابەندبون بە ناوەڕۆکی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری هەمیشەیی عێراق.
- پێداگری لە نەکشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەی کە لە داعش پاک کراونەتەوەو بە بەشێکی گرنگی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ناسراون.
- ڕێزگرتن لە مافە سەرەتاییەکانی ئاوارەکانو دور کەوتنەوە لە گوتاری زەقی نەتەوەگەری.
- گرێنەدانی پرسی خەرجیەکانی ئاوارەکان بە قەیرانی داراییو سازش نەکردن لەسەر بەرقەرارکردنی یاساو داکۆکیکردن لە بنەماو پرنسیپە دیموکراسیەکان.
- پێداگیری لەسەربەشداری سوپای عێراق، نەوەک میلیشیاکانی تر.
- ئیدارەیەکی هاوبەش بەبەشداری هەمولایەنە نەتەوەییو ئاینیو تایفیەکان بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکە، نەوەک تەنها تایفەیەک یان حیزبێک.
- بەشداریکردنی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە شوێنە کوردیەکانو نەوەک بۆ مەبەستی تر.
- پاراستنی سنورەکان لە لایەن هێزی پێشمەگە، بەهێز کردنی دەزگای ئاسایش و هەواڵ گیری پۆلیسی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وە پارستنی دامودەزگا حکومیەکان و شوێنە گرنگەکان.